**تكايةك بؤ كوردستان تيظي و كوردسات .... هةردي عةول**

کەم کورد هەیە ناوی زیندانەکانی موسڵ و دۆزەخەکەی کەلەسەر ئەرز بۆ کورد داخرابوو واتە نوگرەسەلمان ی نەبیستبێ، کە بەسەدان منالّ و ژن وپیاوی کورد ی تێدا لە برسان ولە تینواندا ڕەق و وشك بوونەوە، سەدان کچی کوردی تیادا ئەتك کرا، کەم سەگی ئەو بیابانە هەیە گۆشتی ئینسانە بێتاوانەکانی کوردیان نەخواردبێ وئێسقانی منالآنی لەبرساو لەتینوا مردووی کوردیان نەکرۆژتبێ.

کێ هەیە ئێش وئازاری ئەو منالّە ی لەبیر بچێتەوە کە لەو بیابانەدا ولەبێکەسیدا داوای خەیاری لەدایکی کردووە و دایکی بەستەزمانیش بێجگەلە نەعلە سەوزەکانی شتێکی تری نەبووە بیخاتە سەر لێوە ناسك ووشکهەلآتوەکانی مندالّەکەی.

کێ هەیە بتوانێ ئێش وئازاری ئەو خەلّکە لەبیر خۆی بباتەوە کە لە ڕۆژێکی جەژندا **10** دەنك نیسك یان بۆ کردوونەتە مەنجەلّێك ئاوەوە و بە ناو قاوشەکانی نوگرەسەلماندا ڕشتوویانەو پێیان ووتوون بەزمان بیلێسنەوە ئەمە جەژنانەو (هدیە سید الرئیسه) . کێ هەیە ئەمانەی نەبیستبێ ؟.

سەدان هەزار نەهامەتی تریش کە ئینسان بە گێڕانەوەشیان ویژدان و روحی ئازار ئەدرێ.

بەلآم بەداخەوە کە سەیری کوردسات ئەکەیت لەبەر تەپڵ و زوڕنا لێدان و گۆرانی بێتام ناچار ئەبیت کە کەنالّەکە بگۆڕیت و سەیری نەکەیت هەروەها کوردستان تی ڤی ش بەهەمان شێوە.

بەڕاستی سەیرە مانگی چەندین ملیۆن دۆلار کرێی ئەو کەنالآنەیە کەچی وەك پێویست سودی لێ وەرناگیرێ بۆ خزمەتی کێشەی کورد. ئەگەر کابرایەکی ئەورپی سەیری ئەو دوو کەنالّە کوردیە بکات ئەوا ئەو لە پێش مندا ئەلّێ کورد نەئەنفالکراوە، نەکیمیاباران، نە شاروگوندەکانی ڕوخاوە، نە کوردیش زیندانیکراوە. نوگرەسەلمان و قەسابخانەکانی موسڵ یش شتێکی خەیالّین و وجوودیان نییە.

لەو ڕۆژەوە کە ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس نەماوە، ئەبوایە هەردوو کەنالّە کوردیەکە کوردسات وکوردستان تی ڤی قورساییەکی زۆری خۆیان بۆ پیشاندانی نوگرەسەلمان، قەسابخانەکانی موسڵ تەرخانبکردایە، هەفتەی جارێك، کورە کاکە مانگی جارێك دوای تەپڵ و زوڕناکەیان کە زۆر زۆرریان حەز لێیە دیمەنێکی نوگرەسەلمان و بیابانە چۆڵ وترسناکەکانیان پیشان بدایە، بەلّێ نوگرەسەلمان ئەو زیندانەی کە ئەگەر پاسەوانیشی نەبوایە کەس نەیدەوێرا لێوەی ڕابکات، بۆ کوێ ڕاییکردایە؟!

بۆیە داواتان لێ دەکەم هەتازووە:

- سەردانی ئەو دۆزەخە بکەن وێنەی بەرد بەبەردی دیوارەکانی دەرگاکانی ئاودەستەکانی سەربانەکەی بەرزیەکەی ئەستوری دیوارەکانی شوێنی پاسەوانەکان پەنجەرەکانی تەلبەندەکانی، حەوشەکەی ئاسمانەکەی ڕەشەبا لماویەکەو گێژەلّووکەکانی تیشکی ڕۆژە سوتێنەرەکە دڕك و دالّەکەی مارو دوپشك و حوشترالووکەی، بەلّێ وێنەی دەنکەدەنکە لمەکانی تۆزووخۆلّە خنکێنەرەکەی بگرن و پیشانی بدەن، وێنەی چواردەورەکەی ودووری و ڕێگا دوورروو ناخۆش و تاقەت پڕوکێنەکەی ئەو ڕێگایەی سەدان مندالّی کوردی تیادا لە گەرماو تینوا خنکاوە وێنەی ئەوانەبگرن هەتا زووە، ئەوە مێژووی پڕ لەکارەساتی ئێمەی

کوردە بڕۆن وێنەی ئەوێ بگرن ئەوێ ئەو مێژووەیەکە هەتا هەتایە خوێنای لێ ئەتکی، بەڵێ وێنەی ئەوێ بگرن هەتا کات ماوە، ئەگینا ڕۆژێك دادێت سەردانی ئەو شوێنانە بۆ کورد قەدەغە دەکرێت. بڕۆن هەر لە گەرمیانەوە هەر لە دەشتی هەولێرەوە لە دهۆك و شێخانەوە با کامێرەکانتان ئیش بکات وێنەی بست بە بستی ڕێگاکان بگرن ئەو ڕێگایانەی کە ئەنفالکراوەکانی پیادابراوە هەتا نوگرەسەلمان.

بڕواتان بێ دەهۆڵ و تەپڵ و زوڕناکە ڕاناکات تاکوو ئێوە لەو کارە تەواو دەبن.

نەرویج